دوو برا هەبوون لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یەکێکیان دەهات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەوی تریان کاری دەکرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی دەستبکەوێت، جارێکیان ئەوەیان کە کاری دەکرد سکاڵای هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەربارەی براکەی، لەوێدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لەوەیە تۆ بەهۆی ئەوەوە بژێویت دەستبکەوێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «دوو برا هەبوون لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یەکێکیان دەهات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەوی تریان کاری دەکرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی دەستبکەوێت، جارێکیان ئەوەیان کە کاری دەکرد سکاڵای هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەربارەی براکەی، لەوێدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پێدەچێت تۆ بەهۆی ئەوەوە بژێویت دەستبکەوێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

دوو برا هەبوون لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یەکێکیان دەهات بۆ دانیشتەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ولە لای دەمایەوە بۆ ئەوەی لە فەرموودە وکردەوەکانی فێر بێت، وئەوی تریان کاری دەکرد وبژێوی ژیانی پەیدا دەکرد، جارێکیان ئەو برایەی کە کاری دەکرد سکاڵای لەسەر براکەی کرد لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەوەی کە وازی لە کار وپیشەکەی هێناوە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ هێورکردنەوەی پێی فەرموو: لەوەیە پشتیوانیکردنی براکەت لە ڕووی داراییەوە هۆکار بێت بۆ ئەوەی ڕزق بە ئاسانی بەدەست بهێنیت؛ چونکە خودا بەردەوام یارمەتی کەسێک دەدات ئەگەر ئەو کەسە لە یارمەتیدانی براکەی بەردەوام بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3126